

# ئاگر کەوتەوە

ئۆرهان پاموک
لە سویدییەوە: هیوا قادر

ئەو ماڵە لەبەرد دروستکراوە گەورەیەی کە دایک و باوکم پێش من تیایدا ژیابوون و دواتریش درا بە کرێ، بە قوتابخانەیەکی تایبەت، ڕووخێنرا. ئەو ماڵە گەورە تەختەیەش کە تیایدا چووم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی، سوتێنرا. ئەو ڤیلا کۆنە بەتاڵەشی کە سەروەختی چوونم بۆ قوتابخانەی ناوەندی، فتبۆڵێنم تیادا ئەکرد، وەک هەموو ئەو خانووانەی تری سەردەمی منداڵیم، ئەویش لەپێشدا ئاگر وێرانی کرد و دواتریش ڕووخێنرا.

مێژووی ئیستەنبوڵ مێژوویەکە لە سووتاندن و وێرانکردن. لەبەرئەوەی داروتەختە سەرەکیترین کەرەسەی بیناکردن بووە لە ئیستەنبوڵدا-بە چاوپۆشی لە مزگەوتەکان- هەر لە ناوەڕاستی هەزار و پێنج سەدەکانەوە تاکو یەکەم دەیەی هەزار و نۆسەد، هەرچی لە ماوەی ئەو سێ سەد و پەنجا ساڵەدا بە بەرچاوی هەمووانەوە سوتێنرا، دواتر بوو بە نەخشێکی دەقگرتووی شارەکە. لە ڕووی چاککردنی ڕێگاوبان و کوچەو کۆڵانەکانیدا. ماڵ سوتاندن ئەو وشە شوومە کارەساتئامێزە بوو، کە لە منداڵیمدا زۆر جاران گوێم لێی دەبوو؛ لە حەوشەی ئەو ماڵە سوتێنراوانەدا ئەو بنەهەنجیرانە ئەبینران کە هەڵیان ئەدایەوە، منداڵەکانیش یارییان لە پەناوپاساری ئەو دیوارە سووتاو و قاڵدرمە ڕووخاو و پاڵ ئینجانە و شووشە شکاوانەدا ئەکرد.

# وتار

من هێندە بەتەمەن نیم تا ئەوکاتەم لەبیربێت کە سەرلەبەری گەڕەک سووتا، بەڵام سووتانی ئەو دواهەمین ڤیلا تەختانەی کە مابوون بەچاوی خۆم بینیمن. زۆرینەی ئەو ئاگرکەوتنەوانە شەوان لە بارودۆخێکی زۆر سەیردا ڕوویان ئەدا. منداڵانی گەڕەک لە چاوەڕوانی هاتنی پیاوانی ئاگرکوژێنەوەدا لەو باخانە کۆئەبوونەوە کە یارییان تیادا ئەکرد و لە کاتی سەیرکردنی ئاگرەکەدا بە پەرۆشەوە لەگەڵ یەکتریدا قسەیان ئەکرد.

«ماڵە خۆشەویستەکەمیان سووتاند»، دوای ئەو ڕووداوە مامم وای ئەوت.

لەو سەروەختەدا یاساغبوو ماڵە کۆنەکان تێکبدرێن و لە جێگەیاندا باڵەخانەی کرێ دروستبکرێن، ئەگەرچی ئەم کارە وەک نیشانەیەکی پێشکەوتن و مۆدێرنبوون سەیرئەکرا، بەڵام ئەگەر ماڵێک چۆڵبووایە و لەبەر چۆڵبوونی بۆ ماوەیەکی زۆر دەستی نەدایە بۆ ژیان، ئەوا مۆڵەتی ڕووخانی پێ ئەدرا. بەم بیانووەوە هەندێک کەس کەوتنە وێرانکردنی دەستەئەنقەستی خانووەکانیان و سەقفی ماڵەکانیان لابرد، تا ئەوەی ماوە بەفر و باران وێرانتری بکات، بەڵام خێراترین ڕێگەش ئەوەبوو کە شەوان بێ ئەوەی کەس بیبینێت ئاگر بەربدەنە ماڵەکان. دەنگۆی ئەوەش لە ناو خەڵکیدا بڵاوبوو کە ئەو جۆرە ئاگرتێبەردانە لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەکرێن کە باخەوانی ئەو ماڵانەن. هەروەها ئەو دەنگۆیەش لەئارادابوو ئەو مقاولانەی کە ماڵەکانیان کڕیوە، هەر خۆیان ئەو ماڵانە ئەسووتێنن. لە ماڵەوە زۆر قێزەونانە باس لەو کەسە دەوڵەمەندانە ئەکرا کە وەک شەوکوتێک ئاگر لەو ماڵانە بەرئەدەن، کە سێ وەچە لە خێزانەکان تیادا گەورەبووبوون، بەڵام سەرباری بە سووک سەیرکردنی کردەوەی ئەو کەسانە، دوای چەند ساڵێک ئێمەش خانووە کۆنەکەمان کە لە جۆری باڵەخانەبوو، فرۆشت. من و خێزانەکەم لەو ماڵەدا ژیابووین، هەروەها باوکم و دایکم و باوک و دایکی ئەوانیش لە هەمان ماڵدا ژیابوون. ماڵەکە فرۆشرا بە مقاولێک، کە بەبێ مۆڵەت ڕووخاندی و لە جێگاکەیدا باڵەخانەیەکی گەورەی کرێی لەجیاتی دروستکرد. باوکم ئەیویست قەناعەت بە من بکات کە ئەو خۆی بەدوور ئەگرێت لەم جۆرە کڕین و فرۆشتنە و نایەوێت ماڵەکە بفرۆشێت، بەڵام کاتێکیش باوکم لە ئیستەنبوڵەوە چووبوو بۆ ئەنقەرە و لەوێ دەستی بە کار کردبوو، بینیبوی کە چۆن ماڵە کۆنەکانی بە پیک ئەڕووخێنن، لە خەماندا هێندەی ڕووبارێک فرمێسکی ڕشتبوو.

من بۆ خۆم شاهیدی زۆر لەو شەڕەدەمانەی خێزانەکانی ئیستەنبوڵ بووم، لەسەر فرۆشتنی خانووەکانیان و کردنیان بە باڵەخانەی کرێ. بە ڕواڵەت کەس نەی ئەویست ماڵەکەی بڕووخێنێت، بەڵام دوای ئەو هەموو ناکۆکییە خێزانییانە و شەڕەدەم و جیابوونەوانە، کە کەمجار بە بێدەنگی کۆتایی ئەهات و زۆرینەی جار بە بڕیاری مەحکەمە کۆتایی ئەهات، لە ئەنجامدا هەمیشە ماڵە کۆنەکان ئەڕووخێنران و لە جێگەکانیاندا باڵەخانەی نوێی کرێ دروست ئەکران، کەسیش حەزی لەو باڵەخانانە نەبوو. دواتریش هەموو ئەیانووت حەزیان نەکردووە ماڵە کۆنەکانیان بڕووخێنرێن، بەڵام ئەو خەڵکە بە نهێنی لەگەڵ ئەو کارەدابوون، لەبەرئەوەی هیوای ئەوەیان ئەخواست بتوانن لەو ڕێیەوە ژیانێکی نوێ دەستپێبکەن، بەو پارەی فرۆشتنەش ژیانی خۆیان بەڕێبکەن، لەهەمان کاتیشدا ئەیانویست بەرپرسیاری ئەو کارە ناشیرینە لەسەر شانی خۆیان لابەرن و بیخەنە سەر شانی کەسانی تر.

گەر بە چاوێکی گشتییەوە بڕوانیتە شار، ئەبینیت ئەم

# ئەم هەموو ماڵە لە چیمەنتۆ دروستکراو و پێشکەوتووانە، سوپایەکیان وەك سوپاکەی «شەڕ و ئاشتی»ی تۆڵستۆی دروستکرد

هەموو چاوچنۆکییە بێ مانا و شەڕەدەم و شەرمەزارییە چییان لە شار کردووە. ئەم هەموو ماڵە لە چیمەنتۆ دروستکراو و پێشکەوتووانە، سوپایەکیان وەک سوپاکەی «شەڕ و ئاشتی»ی تۆڵستۆی دروستکرد، کە هەموو ئەو باخچە و ڤیلا و پارک و چڵوپۆپی درەختانەی هەڵلوشی، کە هاتنە سەر ڕێگەی، لە دوای خۆشی جێپێیەکی لە شەقامی قیرتاوکراو بەجێهێشت، هەروەها ئەو کوچە و کۆڵانە وەستاو و نەگۆڕانەی دروستکرد، کە خەڵکەکەی پێیان وایە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا ژیانیان ئارامی بە خۆیەوە ئەبینێت، بەڵام هەر دوای چاوخشانێک بەو نەخشە و ئامارانەدا و بینینی ئەو جوڵە ماشێنییە زەبەلاحە، ڕەشبینیی تۆڵستۆیت بیرئەکەوێتەوە، لەسەر ڕۆڵی تاک لە مێژوودا و ئەگەری کاریگەریی خۆی لەسەر کەسانی تر. گەر سەیری ئەو یادەوەرییانەی ماڵ و ڕێگەکان بکەین، کە چۆن بوون بە بەشێک لە ژیانمان، ئەبینیت چۆن دواتر هەوڵمان دا ئەو یادەوەرییانە لە ناو ژوور و باخچەکانماندا بپارێزین، سەرباری ئەوەی کە هوشیاربووین بە بەشێک لەو گۆڕان و گەشەکردنە خێرایەی، وای کردووە شار مەحکومبێت بە نەمان.
دواهەمین گورز کە درا لەو کەسانەی دژ بە پرۆسەی ڕووخاندن بوون، تەملیککردن بوو. کاتێک کۆڵانە قەرەباڵغەکانی سەردەمی عوسمانی لە سەرووەختی منداڵیی مندا لەگەڵ ئەرزا تەختکران و شەقامەکان پانکران، نیشانەی ئەوەبوو کە تەملیککردن هیچ سوودێکی نییە. لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، یەکەمجار لە کاتی هەردوو هەڵمەتی تەملیککردندا، کە هەموو ئیستەنبوڵی گرتەوە، من تەنها منداڵێکی شەش ساڵان بووم.
کاتێک ئەو گەڕەکە مێژووییەی سەر سوچی کەناری یلێنێ، لە ساڵی ١٩٥٠دا ڕووخێنرا، بیرمە چۆن دەستم بە دەستی دایکمەوە بوو، بە ترسەوە بەو ناوەدا ئەڕۆیشتین. ئەو رووخاندنانە هەستی دوای جەنگی تیا دروست ئەکردین و کەشوهەوایەکی چاوەڕوانکراوی بۆ ژیانێکی نوێ دروستکردبوو، ئەمەش وای کردبوو خەڵکی بترسن و قسە و باسێکی بێ کۆتایی لەناویاندا دروست ببێت. ئەوترا لە ڕێگەی بەرتیلدانەوە توانراوە هەندێک لەو شوێنانە لە ڕووخاندن ڕزگاریان ببێت، ئەمەش بێ سوودیی ئەو تەملیککردنەی پیشان ئەدا، بۆیە گەر پلانێکی نوێ بەڕێوەبوایە بۆ ڕووخاندن، ئەتوانرا لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتدارە سیاسییەکانەوە ئەو پلانانە بگۆڕێن. کاتێک دیواری سەر کەناری ئەوسەری یلێنێ و بوسپۆریان دروستکرد، لە هەندێک شوێندا دیوارەکان چووبوونە سەر جادەکان، دەنگۆی ئەوەش هەبوو هۆیەکەی ئەوەیە کە هەندێک لەو دەسەڵاتدارە گەورانە نەیان ئەویست حەوشەی ڤیلاکانیان بشێوێت. ئەم جۆرە قسانەت لە دەمی پیرێژنەکەی دۆلمۆس و پیرەمێردەکانی ناو دەلاکخانەکان و سایەق تەکسییەکان، کە لەگەڵ پانکردنی شەقامەکاندابوون گوێ لێ ئەبوو.
هەر تەنها هەوڵی ئەو کەسانە لە پشتی شەپۆلی ئەو ڕووخاندنانەوە نەبوو، کە ئەیانویست شار وەک پاریس لێبکەن و بیکەن بە خاوەنی شەقامی پانوپۆڕ، بەڵکە دانیشتووە تازەکانی ئیستەنبوڵیشی لە پشت بوو، کە ژمارەیان لە بەرامبەر شار و کولتوورەکەیدا تا ئەهات زیادی ئەکرد، هیلاکبوونێکی گشتیش لەئارادابوو، دژ بە ڕابردوو، هەروەها ویستێک لەناو تورکە مۆدێرنەکاندا هەبوو، بۆ لەبیرکردنی ئەو ڕووە نێونەتەوەیی و بێزەنتییەی شارەکە، تەنانەت ڕووە عوسمانییەکەشی کە لە ڕابردوودا هەیبوو. ساڵی ١٩٧٠ دەست کرا بە چیمەنتۆکردنی ئەو ڕابردووە، لە ڕێی دروستکردنی شەقام و ڕێگە بۆ ئەو ئۆتۆمبیلە



کاتێک ئەو گەڕەکە مێژووییەی سەر سوچی کەناری یلێنێ، لە ساڵی ١٩٥٠دا ڕووخێنرا، بیرمە چۆن دەستم بە دەستی دایکمەوە بوو، بە ترسەوە بەو ناوەدا ئەڕۆیشتین. ئەو رووخاندنانە هەستی دوای جەنگی تیا دروست ئەکردین و کەشوهەوایەکی چاوەڕوانکراوی بۆ ژیانێکی نوێ دروستکردبوو

## وتار

ناشیرینە هەرزانانەی، بە چینی ناوەند ئەفرۆشران.
ئینسان ئەتوانێت شار لە دوو گۆشەنیگاوە ببینێت.. گۆشەنیگای دەرەوە، لە ڕێگەی سەیرکردنی شێوازی دروستکردنی بیناکان و بازاڕی بچووک و شەقامەکان و هەموو ئەو دیمەنانەی هەموو گەشتیار و میوانێک لەم شارەدا ئەیەوێت ببینێت. دواتر لە گۆشەنیگای ناوەوە، کە لەسەر یادەوەری، بۆن، ڕووناکی و ڕەنگی ناو ئەو ژووری نووستنانەوە بەندە، کە تیایدا ئەنووین، هەروەها ئەو پۆلی خوێندنانەی دەرزیان تیادا ئەخوێنین و ئەو هۆڵی سینەمایانەی، کە بۆیان ئەچین. ڕووخاندنەکان پیشانیان داین کە گۆشەنیگای ناوەوە رۆحی ڕاستەقینەی شارە، ئەو لایەنەیە کە هەمووان لە یادوەریی خۆیاندا هەڵیانگرتووە، ئەمەش ئەو لێکچوونەی نێوان ئینسانەکانی شارە، کە لەناو خۆیاندا هەڵیانگرتووە، سەرباری ئەوەی هەریەکەیان لە شارەوانییەکی جیاوازی شاردا ئەژین.
لە یەکێک لەو شەپۆلی ڕووخاندنانەی ساڵانی هەشتادا، کە دووچاری تارلەباشی کادێس بووبوو، من و هەندێک لە تەماشاکەرانی تر، بینیمان چۆن مەکینە چاڵهەڵکەنەکان کارئەکەن. لەبەر ئەوەی چەند مانگێکبوو خەریکی ئەو کارەبوون، وای کردبوو خەڵکی بەوە ڕابێن و خۆیان بە خاوەنی نەزانن. سەرباری ئەو نەرمەبارانەی ئەیدا لە گرێدەرەکان، کە دیوارەکانیان ئەڕووخاند تەپوتۆز بە ئاسماندا هەڵئەچوو، کاتێک لەویادا وەستابووم و سەیرم ئەکرد، لەگەڵ ڕووخانی ماڵەکاندا، هەر تەنها هەستم بە تێکوپێکدانی یادەوەریی ئەو کەسانە نەئەکرد، کە لەو ماڵانەدا ژیابوون، بەڵکە گەڕابوومەوە بۆ ئیستەنبوڵ خۆی، بە تێکوپێکدانی سیمای ئەو شارە دەهری بووبووم، هەستم ئەکرد ئەو شارە لە ناو ژیانی مندا ئەڕووخێنن. کاتێکیش منداڵەکانم ئەبینی دەوروخولی ئەو تەڵەزم و شووشە و پارچە تەختانە ئەدەن و کۆیان ئەکەنەوە، ئەوەیان بیرئەهێنامەوە کە ئینسانەکان چۆن بەکاوەخۆ لەسەر لەدەستچوونی یادەوەرییەکانی خۆیان ڕایەن.
چەند ساڵێک لەمەوبەر، کە بە لای قوتابخانەی مامۆستایاندا لە شیشلی تێپەڕیم، کە بەشێک لە خوێندنی قوتابخانەم لەوێدا بەسەربردبوو. بینیم قوتابخانەکە لە شوێنی جارانی خۆی ماوە، بەڵام چۆڵوهۆڵ بووە. بۆ ماوەی پانزە ساڵێک من بەو ناوەدا هاتم و چووم، بەڵام ئێستا کە دیقەتی جێگەی ئەو قوتابخانە کۆنە ئەدەم، کە کردوویانە بە پارکی سەیارە، هەردوو ئەو یادەوەرییەم پێکەوە دێنەوە یاد، کە کاتی خۆی قوتابخانەبوو، دواهەمین جاریش کە چوومە ناو پۆلە چۆڵوهۆڵەکانییەوە. لەگەڵ ئەو سەیرکردنانەی ئەو شوێنەدا، کە وردە وردە پڕیان ئەکردم لە غەم، ڕاهاتم. ڕووخاندنەکان یادەوەریی ئەو شارەیان لەگەڵ خۆیان پێچایەوە و برد. ئێمە یادەوەرییەک لەبیرئەکەین، لەگەڵ ئەوەی ئەشزانین لەبیری ئەکەین، لەگەڵ ئەوەی کە ئەشتوانین ئەو یادەوەرییە بیری خۆمان بهێنینەوە. تا دواتر وای لێدێت فەرامۆشی ئەکەین و ئەوەشمان لەبیر ئەچێتەوە، کە فەرامۆشمان کردووە، بەمەش چیتر ناتوانین سیمای شار بهێنینەوە یادی خۆمان. لەبەرئەوەی بیرکردنەوە لەو ماڵە ڕووخاوانەش ئازارمان ئەدەن، ئەوا لەبیری خۆمانیان ئەبەینەوە، ئەو جێگەیانە لەبیر ئەکەین، کە کەسانی تر سەرلەنوێ دوای ئێمە خەونی پێوە ئەبینن.

**سەرچاوە:**

Andra Färger، Orhan Pamuk، Norstedts٢٠١٠